بەهۆی تەقینەوەیەک لەکاتی ئامادەکردنی پارشۆو حەوت ئەندامی خێزانێک لە پاکستان بوونە قوربانی



دوو کەس گیانیان لەدەستدا و پێنج کەسی دیکەش لە یەک خێزان بریندار بوون لەئەنجامی تەقینەوەی گاز لەناوچەی پشتون ئاباد لە کویتە لە پارێزگای بەلوچستانی پاکستان.

پۆلیسی پاکستان دەڵێت: تەقینەوەکە ڕۆژی یەکشەممە کاتێک ڕوویداوە کە خێزانەکە بەخەبەر هاتن بە ئامادەکاری بە خواردنی پارشۆو و ئاماژەی بۆدا کە تەقینەوەکە زیانێکی زۆری بە ماڵەکەیان گەیاندووە.

تیمەکانی فریاگوزاری تەرم و بریندارەکانیان گواستۆتە بە نەخۆشخانەی مەدەنی و لەو بریندارەکان کە منداڵیشیان تێدایە پێش ئەوەی بگەیندرێنە نەخۆشخانە چارەسەری سەرەتاییان بە کراوەو بەیارە دوای تەواوکردنی ڕەوشونی پۆیست تەرمی ئەو دوو کەسە لەدەستی خانەوادەکانیان کرا.